وەزارەتی ناوخۆ
ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان

## ١. دەرفەتی کاری خۆبەخشی:

بەگوێرەی ماددەی (٨، برگەی (ب) و خاڵی ٣) لە پەیڕەوی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان ژمارە (١ی ساڵی ٢٠١٥) و نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ دیوان ژمارە (٦٢٩٩ لە ٢٠١٨/١١/٢٨)، سەبارەت بە دامەزراندنی تیمی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی،

ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ دەرفەتی کاری خۆبەخشی رادەگەیەنێت بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت وەکو خۆبەخش لەبواری وەڵامدانەوەی کارەسات و قەیران و فریاگوزاری کار بکەن لە چوارچێوەی تیمی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی لە ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان.

## ٢. پێشەکی:

وەڵامدانەوە و بەڕێوەبردنی کارەسات و قەیران و حاڵەتی فریاگوزاری کارێکی گشتگیر و هاوبەشە لە نێوان دامەزراوەکانی حکومەت و رێکخراوەکان و هاوڵاتیان و گۆمەڵگا بەگشتی. ئەوەش ئەرك و بەرپرسیاریەتی هاوبەشە و پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەنەکان هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەی کاری هەرەوەزی رێکخراو و پیشەیی و دامەزراوەیی رووبەرووی کارەسات و قەیرانەکان ببینەوە و کاریگەریان لەسەر گیان و ماڵ و سامانی هاوڵاتیان و ژێرخانی ئابوری و ژینگە کەمبکرێتەوە و کاری رۆژانەی کۆمەڵگا پەکی نەکەوێت.

## ٣. تیمی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی:

ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ ئاژانسی فیدڕاڵی بۆ هاوکاری تەکنیکی ئەڵمانیا (THW) هەڵدەستێت بە دروستکردنی تیمی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی لە هەرێمی کوردستان بۆ وەڵامدانەوەی حاڵەتی فریاگوزاری لە کاتی روودانی کارەسات و قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان.

تیمی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی یەکەی سەرەکی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی دەبێت و تایبەتمەند دەبێت بە وەڵامدانەوەی خێرا لە کاتی روودانی کارەسات و قەیران و حاڵەتی فریاگوزاری دەستکرد یان سروشتی لە ناو هەرێمی کوردستان. ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ. کاری سەرەکی ئەو تیمە بریتیە لە بەهاناوەچوونی لێقەوماوان و زیان پێگەیشتوان و رزگارکردن و گەیاندنی هاوکاری و فریاگوزاری سەرەتایی خێرا بۆ هاوڵاتیان لە ناوچە زیان لێکەوتووەکان و تیمی وەڵامدانەوەی خێرا ئەو ئەرك و بەرپرسیارەتیانەی خوارەوە لە ئەستۆدەگرێت:

١. بەهاناوەچوون و رزگارکردنی هاوڵاتیان لەکاتی کارەسات و قەیرانەکان.
٢. گەڕان و پشکنین لە ناوچە زیان لێکەوتووەکان و دیاریکردنی ناوچەی مەترسیدار.

٣. دۆزینەوە و رزگارکردنی هاوڵاتیانی گیرخواردوو لەو ناوچانەی زیانیان بەرکەوتووە.
٤. رزگارکردنی هاوڵاتیانی بریندار لە ناوچە مەترسیدارەکان.
٥. گەیاندنی هاوکاری و فریاگوزاری سەرەتایی بۆ لێقەوماوان.
٦. گواستنەوەی هاوڵاتیان و کەلوپەل و ئاژەڵ لە ناوچە مەترسیدارەکان.
٧. گەڕان بەدوای هاوڵاتیانی وونبوو و بێ سەروشێون لەکاتی کارەسات و قەیرانەکان.
٨. ئاگادارکردنەوە و سەلامەتی بۆ هاوڵاتیان و تیمەکانی تری پەیوەندار لە کاتی روودانی کارەساتی سروشتی و دەستکرد وەکو لافا و باران و بەفر و ئاگر و بومەلەرزە و هتد.
٩. دابینکردنی رووناکی و هاوکاری تەکنیکی بۆ هاوڵاتیان و تیمەکانی تری رزگارکردن.
١٠. دابین کردنی پەناگە و خواردن بۆ لێقەومان و زیان بەرکەوتووان لەکاتی کارەسات و قەیرانەکان.

## ٤. ماوەی خۆبەخشی:

ماوەی خۆبەخشی لە ساڵێك کەمتر نەبێت، بەگوێرەی رێکەوتنی هاوبەش لە نێوان ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان و کەسی خۆبەخش.

## ٥. مەرجەکان:

١. تەمەنی لە ١٨ ساڵی کەمتر نەبێت و لە ٦٠ ساڵیش گەورەتر نەبێت.
٢. کێشەی تەندروستی نەبێت.
٣. پاشخانی گرتن و سزادان و بەندکردنی نەبێت بەهۆی کاری تاوانکاری.
٤. هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بەسەرەوە بێت یان هەر پسپۆڕییەکی پیشەوەر.

## ٥. کێ دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات:

١. هەر هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستان لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ کە ئەو مەرجانەی سەرەوەیان تێدابێت.
٢. رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە بەفەرمی تۆمارکراون و لەبواری مرۆیی و خێرخوازی کاردەکەن.
٣. فەرمانبەرانی دامەزراوەکانی حکومەت و کەرتی تایبەت لە هەر پیشە و پسپۆری و شارەزاییەک.

## ٦. سوودەکانی کاری خۆبەخشی:

١. بوونە ئەندام لە ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان.
٢. سوود وەرگرتن لە کۆڕس و خولی تایبەت بە وەڵامدانەوەی کارەسات و قەیرانەکان لەلایەن پسپۆر و شارەزای ئەڵمانی و بیانی.
٣. ئەزموونێکی نوێ لە ژیان و فێربوون و بەهێزکردنی متمانە بەخۆبوون.
٤. ناسینی خەڵکی جیاواز و دروستکردنی پەیوەندی لە هەموو ئاستەکاندا.
٥. دروستکردنی جیاوازی و کاریگەری لە ژیانی ئەوانی تر لە کۆمەڵگا.
٦. هاوکاری کردن و بەهاناوەچوونی لێقەوماوان، ئەوانەی پێویستیان بە هاوکاری هەیە.
٧. بەدەست هێنانی شارەزایی و ئەزموون لە کاری خێرخوازی و خۆبەخشی و مرۆیی و بەرەوپێشبردن و بەهێزکردنی تەونی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.
٨. بەدەست هێنانی پێگە و رێز و خۆشەویستی کۆمەڵگا بەهۆی کاری خۆبەخشی.

٩. جێ بەجێ کردنی ئەرکی ویژدانی و کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتی هەیە لە کاتی تەنگانەدا.
١٠. رزگارکردنی گیانی هاوڵاتیان لە کاتی کارەسات و قەیران و حاڵەتی فریاگوزاری.
١١. پرکردنەوەی بۆشایی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ویژدانی لە رێی کاری خۆبەخشی کە هەرگیز ناتوانرێت لە رێگای تر پربکرێتەوە لە ناو کۆمەڵگا.

## ٧. بەرپرسیارەتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان:

١. پێدانی ناسنامەی تایبەت بە خۆبەخش وەکو ئەندامی تیمی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی.
٢. پێدانی خولی مەشق و ڕاهێنانی تایبەت بۆ ئەندامانی تیمی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی بەهاوبەشی لەگەڵ پسپۆرەکانی ئاژانسی فیدراڵی ئەڵمانیا بۆ هاوکاری تەکنیکی (THW).
٣. دابینکردنی کەلوپەلی تایبەت بۆ ئەندامانی تیمی وەڵامدانەوەی خێرا و کەلوپەلی پێویست بۆ تیمەکە بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانیان جێ بەجێ بکەن.
٤. دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ تیمی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی.
٥. دابینکردنی هۆیەکانی پەیوەندی کردن.
٦. دابینکردنی خەرجی ڕاپەڕاندنی کارەکانیان لە کاتی وەڵامدانەوەی خێرای مرۆیی.
٧. پێدانی بڕوانامەی خۆبەخشی لە وەزارەتی ناوخۆ/ ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان.

## ٨. پێشکەشکردنی داواکاری:

داوا لە ئارەزوومەندان دەکەین سیڤییەکانیان لە رێگای ئیمێڵەکانی خوارەوە بۆ ناوەند بنێرن و لەکاتی هەبوونی هەر پرسیار یان پێویستی بە زانیاری زیاتر پەیوەندی بەو ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە بکەن:

ئیمێڵ: mariwan.hassan@jcckrg.org

jcc@moi.gov.krd

ژ. تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٤٨٠٤٩٩

٠٧٥٠٣٩١١٧١٩

تێبینی: بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، تکایە سەردانی ماڵپەڕی ناوەند بکەن ( www.jcc.gov.krd).